# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦١) - دوو شەممە ٢٠١١/١٠/١٧ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٢٥ی (ڕەزبەر)ی٢٧١١ی کوردی- ٢٠ی (ذو العقدة)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە


## کاریگەری دوو ئیدارەیی لە قوتابخانەکاندا ماوە

وەک ئەوەی بڕیارە دەستی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندن دووربخرێتەوە، ووتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت پێشوازی لە هیچ ڕێکخراوێکی حیزبی ناکەین..

لە میانەی ئەو هەڵمەتانەی دەگیرێتەبەر بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندن، وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیەنێت «هەموو کاریکی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندندا قەدەغەکراوە«، (ئیسماعیل بەرزنجی) بەرپرسی راگەیاندن و ووتەبێژی وەزارەتی پەروەردە لە درێژەی لیدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو ووتی: «وەک وەزارەت مامەڵە لەگەڵا فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان دەکەین، کە وەک ڕێکخراوێکی یەکگرتوو دێنە لامان و ئامادە نین پێشوازی لە هیچ ڕێکخراوێک بکەین بەتەنها»، زیاتر ووتیشی «ئەوە دووساڵە بە تاقیکردنەوە سەرپەرشتیارەکان دادەنێین، کە رەنگە زۆربەشیان سەر بە حیزبی دەسەڵات نەبن، چونکە بە فلتەری پسپۆریدا تێپەر دەبن»، سەبارەت بە حیزبی بوونی بەڕێوەبەرەکان ناوبراو نەیشاردەوە کە هێشتا کاریگەری دوو ئیدارەیی ماوە، بەڵام راشیگەیاند «هەر بەڕێوەبەرو یاریدەدەرێک راپۆرتی لەلایەن سەرپەرشتیارەکەیەوە بە لاوازی باس بکرێت و وێنەی بگاتە دەستمان ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین»، وەک نمونەی بە لابردنی چەند بەڕێوەبەرێک هێنایەوە لە شاری هەولێر.



2 بوێرترین کچە رۆژنامەنووسی عێراق شانازی بە رۆژنامەی یەکگرتووەوە دەکەم



3 یەکگرتوو، گۆران لەپێناو گۆرانی قبول نییەو بەکارێکی دروستی نازانێت



5 پرسی کورد لە عێراق پێویستی بە کەسی دیبلۆماسی و زیندوو هەیە



7 مەلا سامان: دەبێتە نانبڕاوی خۆپیشاندانەکانی (٢٥) ی شوبات

# یەکگرتوو و کۆمەڵ بەمەبەستی هاوهەڵوێستی و تێگەیشتنی

# هاوبەش لە پرسە ئیسلامی و نیشتمانیەکاندا کۆبوونەوە



### هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی کۆبوونەوە و راگەیانراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوەکە ئەمە دەقەکەیەتی:

راگەیانراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەمڕۆ یەک شەممە ٢٠١١/١٠/١٦ هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێزان مامۆستا صلاح الدين ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دانیشتنێکی هاوبەشیان ئەنجام دا.

لە دانیشتنێکی برایانەی چەند سەعاتیدا هەردوولا وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان و پێشهات و گۆرانکارییەکانی ناوخۆو دەرەوەو، کاریگەریان لەسەر بارودۆخی هەرێم و عێراق، تاوتوێی چەندین ڕێکارو شێوازیان کرد بەمەبەستی هاوهەڵوێستی زیاترو گەیشتن بە تێگەیشتنی هاوبەش لەمەرڕکاری هاوبەش و پرسە ئیسلامی و نیشتمانیەکان.

هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر بەردەوامی کۆبوونەوەکان بەگوێرەی پێویست لەپێناو گەشەپێدانی باشتری وزەو توانا ئیسلامییەکەی کوردستان بە قازانجی خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان و گەلەکەی و کردنەوەی ئاسۆی نوێ بەڕوی تەوژمەکەدا.

لە تەوەرەیەکی دیکەدا کۆبوونەوەکە لەسەر مامەڵەکردنی هاوبەش لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق و پرۆژەکانی چاکسازی و پێویستییەکانی روبەڕوبوونەوەی گەندەڵی و ناعەدالەتی وەستاو جەختیان کردەوە لەسەر هەرچی زوتر لابردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆبوونەوە پێنجقۆڵیەکانی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن، بەمەبەستی گەیشتن بە پرۆژەیەکی چاکسازی هەمەلایەنەی هاوبەش...

١٦-١٠-٢٠١١

**یەک شەممە**

**کوردستان - هەولێر**

## «دیاریکردنی کاتی کۆنگرەی یەکگرتوو بەستراوە بە وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە»

یەکگرتوو- ئیبراهیم هارونی

دوای ئەوەی (٢٠١١/١٠/١٥) ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا و تێیدا چەند لیژنەیەکیان پێکهێنا، لەو بارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەلیدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوو وتی: «بێجگە لەتاوتوێکردنی پەیکەری پێشنیار کراو بۆ جارێکی تر و، گوێگرتن لە راو سەرنج و هەڵوێستی لیژنەکەو ئەو بیروڕایانەی کە هەبوون لە شورای دەڤەر و مەکتەبەکان بە زیادکردنی بەکۆی دەنگ، مەسەلەی دیدو پرۆگرامی ئایندەی یەکگرتوو باس و خواسێکی زۆری لەسەرکراو، ئەمە وەک کۆبوونەوەی سەرەتا و بڕیارە چەند کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام بدەین». هەروەها ناوبراو وتی :»لیژنەی پەیکەرمان نوێ کردەوەو چەند ئەندامێکی تری بۆ زیادکرا و ناوی گۆڕدرا بە لیژنەی پەیکەرو پەیڕەوی یەکگرتوو، یانی وردکردنەوەی پەیکەر لەگەڵ راڤەکردن و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی ئەو ئۆرگانە نوێیانەی دادەمەزرێن و ئەوانەشی دەمێننەوە«.

(محەمەد رەئوف) سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی زیاتر وتی:»بڕیاری دووەم بریتی بوو لەدروستکردنی لیژنەی پرۆگرامی حیزب، کە لە چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێک دێن و لەئێستەوە دەست بەکارەکانی دەکات». هەروەها ئەوەشی وت: «کاتی کۆنگرەمان هەڵگرتووە بۆ کۆبوونەوەکانی تر، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی دوایین کاتی دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەین و، ئەو کات وادەی کۆنگرەش دیاری دەکەین» .






## «وەرگرتنەوەی سەرۆکی حکومەت تەنها پێویستی بە کاتە»

### یەکێتی: بە هیچ جۆرێک لە مەکتەبی سیاسی باسی ئاڵوگۆڕی سەرۆکی حکومەتمان نەکردوە

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشمانی کوردستان رایدەگەیەنێ، کە تاکو ئێستا پرسی ئاڵوگۆڕی سەرۆکی حکومەت لە نێوان خودی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش باسی لێوە نەکراوە**

(حاکم قادر حەمەجان ـ کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند، کە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی باسی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت و گۆڕینی (د.بەرهەم ساڵح) لە ناو خودی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی ئەو بابەتە نەکراوە، بە هەمان شێوەش لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی مەکتەبی سیاسی ئێمەو پارتیش باسی گۆڕینی سەرۆکی حکومەت نەکراوە.

(حاکم قادر) سەبارەت بە لێدوانی ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی پارتی لە راگەیاندنەکان بەوەی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت مافی پارتیە و لە کۆتایی ئەم مانگە سەرۆکی حکومەت وەردەگرنەوە، حاکم قادر وتی:» ئەو بابەتە پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە نەک ئێمە، پارتیو یەکێتی ڕێکەوتنێکی ستراتیژیان هەیەو لیستی کوردستانیش کارنامەیەکی بۆ چوار ساڵی حکومەتی هەرێم پێشکەش کردوە، پێویستە ئەو بەرنامەیەش جێبەجێ بکرێت».

لە لایەکی ترەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی ئەوەی بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو ئاشکرا کرد کە وەرگرتنەوەی سەرۆکی حکومەت تەنها پێویستی بە کات هەیە ئەگەرنا هەموو شتێک یەکلابۆتەوەو زۆرینەی سەرکردایەتی یەکێتیش لەگەڵ پێدانەوەی سەرۆکی حکومەتن و ئەمەش بە گوێرەی ڕێکەوتنی ستراتیژیە، ئێمەش لە راگەیاندنەکانیشەوە ئەوەمان روونکردۆتەوە کە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی ئیستیحقاقێکی خۆمانە، چونکە پێدانەوەی دوو ساڵی سەرۆکایەتی حکومەت بە کاک نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی شەشەم لە سەر داوای خودی مام جەلال بووە.

شایەنی باسە مەلا بەختیار بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لە ژمارە (٦٧٢) سی شەممە (٢٠٠٨/١/١٥) رۆژنامەی یەکگرتوو لە چاوپێکەوتنێکیدا کە ئەو کاتە وتەبێژی مەکتەبی سیاسی بووە رایگەیندوە:» پێدانەوەی متمانە بە حکومەتەکەی نێچیرڤان لەلایەن یەکێتییەوە بێ بەرامبەرە، هەروەها متمانە پێدانەوەی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە هیچ بەڵێنێکمان پێ نەدراوە کە پارتی یان حکومەتەکەی کاک نێچیرڤان شتێکمان بۆ بکات».

## لەخولی سێیەمی پڕۆژەی تواناسازیدا (٢٠٥٥) کەس بەشدارییان کردووە

پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەی تواناسازی دابینکرد بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، وەزارەتی خوێندنی باڵاش بە سەرکەوتوویی خولی یەکەم و دووەمی بەڕێکرد و، لە مانگی (٩) ی ئەمساڵەوە خولی سێیەمی راگەیاند، ئەم هەفتەیەش دوا کات بوو بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکان.

(د. ئامانج عەبدوڵلا ـ راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری خوێندنی باڵا) بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند: کە «تا ئێستا (٢٠٥٥) کەس بە ئۆنلاین داواکارییان پێشکەش کردوە بۆخولی سێیەمی تواناسازی و بە پێی سیستەم و رێنماییەکان لەماوەی(٣) هەفتەی تردا کار لەسەر خولی سێیەمیش دەکرێت و سەرکەوتووان دیاریدەکرێن». سەبارەت بەو گرفتانەی کە هاتوونەتە رێی خولی سێیەم (د. ئامانج) رایگەیاند: لەم خولەدا گرفتەکان کەم بوون، بە شێوەی ئۆنلاین و بە ئیمێل چارەسەر دەکران، بەراورد بە خولەکانی تر گرفتمان کەم بوو لە پڕۆسەکەدا و بەداتا بەیس هەموو ئەوانەی داواو سکالایان پێشکەشکردوە تۆمار کراوە«. سەبارەت بە بەردەوامی پرۆسەی تواناسازی، راوێژکاری سەرۆکی حکومەت رایگەیاند: کە ئەم پرۆسەیە لە بەرنامەی لیستی کوردستانیدایەو بڕیارە چوار ساڵی تەمەنی کابینەکە بەردەوام بێت.